https://www.doi.org/10.31918/twejer.1921.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی

م. ی. کوردستان محمد ئازاد حسن
زانکۆی سلێمانی /کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

**پوختە**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٧-٢٠١٨)یە، هەروەها زانیی کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بروانامە، ساڵانی خزمەت) لەسەر تێڕوانینی مامۆستایان. نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٢٠٠) مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕەگەز کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردران لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندنگاکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، (٧٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (١٢٨) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەستووبووە بە فۆرمی ڕاپرسی و توێژینەوەکانی پێشوو کە (٥) بواری جیاواز لە خۆدەگرێت، وەک بوارەکانی (وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، ژینگەی ناوپۆل، بابەتی خوێندن، هەلسەنگاندنی مامۆستا) لە (٤٤)بڕگە پێکهاتووە، توێژەر دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری، هەستابە جێبەجێکردنی بەسەر نمونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە، پاش شیکردنەوە و بەتاڵکردنەوەی ڕاپرسەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری و ناوەندی شیاو و کێشی سەدی، لەگەڵ بەرنامەی (spss) ئەنجامی توێژینەوەکە خرایەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** ڕۆڵ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، پرۆسەی فێرکاریی.

**زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی**

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی توێژینەوەکە**

## 1_1 کێشەی توێژینەوەکە:

پەروەردە لەسەردەمی شارستانییە دێرینەکان تاکو سەردەمی ئێستا بە یەکێک لە بنەما و ناوەندە گرنگەکانی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنرێت، هاوکات یەکێکە لە بونیادە گرنگەکانی کۆمەڵگە لەسەردەمە پێشکەوتووەکان، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بنیاد و ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو سەردەمیانە هەیە. (حمەدمین:٢٠١٤، ١٣)

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەکۆتایی سەدەی بیست ڕوویدا، لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، زانستی پەروەردەش گەشەی کرد، کەوتە ژێرکاریگەری گۆڕانکاری و داهێنان، هەروەها زانستی و تیۆری بیردۆزی نوێ لەبواری پەروەردە و فێرکردن هاتەئاراوە، وێڕای ئەمانە فەلسەفەی پەروەردەیی هەمە جۆر سەریهەڵدا، بوونە هۆی گۆڕینی شێوازی پۆل و مامۆستا، شێوازی نوێی پەروەردە هاتەئاراوە، شێوازی نوێ هۆکاری فێرکردن بەکاردەهات. (ئالانی: ٢٠١٥، ١٣٠)

پەروەردە و فێرکردن کردارێکی پێکەوەییە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەمەجۆری لە شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام و ئامرازەکانی فێرکردن گۆڕانکاری درووست لە ڕەفتاری فێرخوازدا بکات، لەبەرئەوەی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ئامانج و مەبەستی سەرەکی فێرخوازە، مامۆستاش وەک فاکتەری گرنگ کاردانەوەی خۆی هەیە لە پرۆسەکەدا،

چونکە کاریگەری و سەرکەوتوی مامۆستا بەندە تایبەتمەندییەکانیەوە، دەبێت مامۆستا لەلایەنی زیرەکی و هەڵچوون و کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە ئامادەکرابێت، توانای فێرکردن و تێگەیاندنی فێرخوازی هەبێت و شارەزایی لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و تێور و شێوەکانی فێرکردن و فێربوون هەبێت و توانای بەکارهێنانی چەندەها ئامرازی ڕوونکردنەوەی هەبێت. (قەرەچەتانی :٢٠٠٨، ١٣)

هەروەها وانەوتنەوە یەکێکە لە کارەکانی مامۆستا بە ئامانجی کارئاسانی کردنی فێرخواز بۆ فێربوون کە لەچەند بنەمایەکی سەرەکی پێکدێت، لەوانە پلان دانان، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن، لەبەرئەوە وانەوتنەوە پیشەیەکی وردکارییە، پێویستی بە ئامادەسازی تەواو هەیە پیشەیەک نییە کە هەرکەس مەعریفە و توانای هەبوو بتوانێت پێهەڵبستێت. ئامانجی وانەوتنەوە چاکردنی ڕەفتارە، دەبێت فێربوونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەوتنەوە بێت، ئەگەر نا گرنگی و مانای خۆی لەدەست دەدات، بە وانەوتنەوە دانانرێت. پێوستی بەکارامی و توانای باش هەیە بەشێوەیەک باشترین دەستکەوتی فێرکاری پەروەردەیی بەدیبهێنیت. (سیوەیلی:٢٠١٧، ١٤)

دەزگای سەرپەرشتنیکردنی پەروەردەی دەزگایەکی هەستیارە و ڕۆڵێکی دیارو و بەرچاوی هەیە لەپەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی پەروەردە، لەبەرئەوە بایەخێکی زۆر دراوە بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەمەبەستی ڕاستەڕێکردنی کرداری پەروەردەیی ئەویش لە دەستنیشانکردنی کێشە و ئاستەنگەکانەوە سەرچاوە دەگری بۆ پێشکەوتن و بەهێزبوونی ڕێڕەوی ئەو پرۆسەیە، کە دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی هەوڵ و تەقەلا پەروەردەییەکان بەرەو ئامانج و ویستنی پەروەردەیی و پلانی داڕێژراو. (وەزارەتی پەروەردە:2009، ٥)

کاری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گرنگیدانە بە سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون، هۆکارێگی گرنگە بۆ پێشخستنی پەروەردە و فێربوون، ڕۆڵــی هەبێــت لە پەرەپێــدانی پرۆســەکە لەوانە ڕۆڵــی لە گەشــەپێدانی وانەوتنەوەی مامۆستایان لەناو خوێندنگا بنەڕەتییەکان، هەروەها پلانی پەروەردەیــی هاریکاربێــت لەچــۆنیەتی دارشــت و خســتەڕووی پلانــی پەروەردەیی، هەروەها ئاراستەکردنی مامۆستایان لە سەر بەکارهێنانی زورتــرین و هەمەجــۆرترین هۆیەکــانی فێرکــرن و دەرخســتنی گرنگــی هۆیەکــانی فێرکــرن لە پرۆســەی فێربوونــدا. هەروەهــا هاریکاربێــت لەگەشــەکردنی لایەنــی هــونەری و پیشــەیی و زانســتی مامۆســتایاندا. بەردەوام هەڵســەنگاندن بــۆ سیســتەمەکە بکــات وەک ئەرکــی ســەرەکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. توێژینەوەکە گەڕان بۆ وەڵامی پرسیارێک دەکات لەسەر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

-ئایا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناوەندی شاری سلێمانی بەتێڕوانینی مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان؟

## 1_2 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە مەبەست زانینی:

١. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی لەناو شاری سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایان.

٢. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.

٣. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

٤. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

٥. زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕتی بەپێی گۆڕاوی (بڕوانامە) لەسەر تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

## 1_3 گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانەش :_

١. توێژینەوەکە گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەسوود وەرگرتن لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بۆ زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان.

٢. بەڕێوبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی سوودمەند دەبن لەو لایەنانەی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئاستێکی لاوازیان هەیە وەک پێویستنین، چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان لەپرۆسەی فێربووندا.

٣. توێژینەوەیەکی زانستییە توێژەرانی دواتر دەتوانن سوودمەندبن، لە شێواز و ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیارەکان.

٤. گرنگە بۆ زانینی بۆ چوونی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازی هەڵسەنگاندنیان لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە.

## 1_4 سنووری توێژینەوەکە:

١. سنووری شوێنی توێژینەوەکە: ناوەندی شاری سلێمانی پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە.

٢. سنووری کاتی توێژینەوەکە: ساڵی خوێندنی ٢٠١٧_٢٠١٨

٣. سنووری مرۆیی توێژینەوەکە: سەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەلایەتییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان.

## 1_5 پێناسەی زاراوەکان

### 1 پێناسەی سەرپەرشتیار:

أ. **پێناسەی سیرجوفانی لە کتێبی (الاشراف التربوی علی المعلمین،٢٠٠١):** کردارێکە بەکاردێت لە خوێندنگاکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندنگا، کە ڕاستەوخۆ پشت بە ئامانجە پەروەردەییەکان دەبەستێت. (دیرانی:٢٠٠١، ٢٤)

**ب. پێناسەی السعود لەساڵی ٢٠٠٢:** چالاکییەکی پەروەردەی ڕێکخراوە و بەردەوامە، کە لەلایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەنجام دەدرێت، بە ئامانجی باشکردرنی لێهاتوویەکانی مامۆستا و گەشەپێدانی فێرخوازان، پەرەسەندنی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بەشێوازێکی گشتی. (السعود:٢٠٠٢،٢١)

**پێناسەی کرداری:** بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، بە ئامانجی چاودێریکردنی دۆخی خوێندن لە سلێمانی بۆ باشکردنی لێهاتووی مامۆستا و چاودێریکردنی ئاستی فێرخوازان و پرۆگرامی خوێندن دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان و باشترکردنی خاڵە باشەکانی سیستەمی فێرکرن.

**٣.پێناسەی فێرکردن:**

أ. **پێناسەی قەرەچەتانی لەساڵی ٢٠١٣:** بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار, ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆ دەگرێت تاک لە هەوڵ و تێکۆشان دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەز و ئارەزوو و ئامانجەکانی. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٧)

ب. **پێناسەی محمد ماهر لەساڵی ١٩٩١:** کرداری کارلێکردنی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە لەناو پۆلی خوێندن یان لەهۆڵی محازەر و تاقیگەکان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. (محمد و ماهر:١٩٩١، ١٤)

**پێناسەی ئیجرایی** : بریتییە لەسەرجەم ئەو چالاکی و شارەزایی و زانیاریانەی کە ئەنجام دەدرێت لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان وەک وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، ژینگەی پۆل، بابەتی خوێندن، لیهاتووییەکانی مامۆستا سەرجەمیان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان و پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکان.

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تێۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو**

**2_1 ئەدەبیاتی توێژینەوەکە**

**یەکەم / سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**

**1_ چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:**

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئامانجی سەرەکیی باشکردنی پرۆسەی فێربوونە، کردارێکە هەڵسەنگاندن بۆ ڕفتاری تاکەکان دەکات، هەروەها

بابەتی خوێندن، ژینگەی فێرکردن، دابەشکردنی فێرخوازان بۆ چەند گرووپێک گەشەپێدانی لایەنی هونەری و تواناکانی مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا. هەروەها لێپرسراو دەبێت لە چەند ناوچەیەکی خوێندن، لەگەڵ ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە دانانی بەرنامەی خوێندن لەو ناوچەیەدا، هەروەها شێوازی ئامادەکردنی وانەکان، چۆنیەتی هەڵسەنگەندنی خوێندکاران لەلایەن مامۆستایانەوە، ڕێنمایی پێدان لەسەر چۆنیەتی مامەڵکردن لەسەر کێشەکانی خوێندن. (دیرانی:٢٠٠١، ١٩)

چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەمکێکی گشگیر و فراوانە، لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەکە چەمکی سەرپەرشتیاریش لە گەشەکرداندا بوو بەهۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، زیادبوونی دانیشتوان، گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵگا و گرنیدان بە خوێندنگاکان و کواڵتی خوێندن، هەروەها ئەو تیۆریانە و توێژینەوانەی لەسەر گۆڕانی ڕەفتاریی تاک ئەنجام درا، بێگومان هەر گۆڕانێکیش پێویستی بە چاودێری و لێکۆڵینەوەیە، لەبەرئەوە زیاتر کرانەوەی دروست کرد بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، زیاتر کارکردن و گرنگیدانی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە کاتی لێکۆلینەوە، تیۆرەکانی ناو بواری پەروەردە بوو. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٢٤)

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی جەگە لەو کارانەی سەرەوە کاری ڕاهێنانی مامۆستایان دەکات و ئامادەسازییان دەکات لەسەر پرۆسەکە بۆ گۆڕانەکانی پەروەردە، لەبەرئەوەی گۆڕانەکان خێران زوو تێپەڕدەبن، لەوانە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام مامۆستا، پێویستە ئاڕاستە بکرێت و ڕاهێنانیان پێبکرێت. (مساد:٢٠٠٥، ٧٦).

چەمکی سەرپەرشتیاری پەروەردیی واتای گرنگ و فراوانی هەیە، لە مەیدانەکانی پەروەردە فێرکردن، لەبەرئەوەی بەرنامە و ئامانجی پەروەردە دەستەبەر دەکات کار و چالاکییەکانی ناو پرۆسەکە

هەڵدەسەنگێنێت. پەروەدە لە دەرکردنی بڕیار و بەرنامەی نوێدا پشت دەبەستێت بە سەرپەرشتیاران وەک یەکەیەکی باوەڕپێکراو هەروەها لە ئاگادار کردنەوەی ئەنجامەکانی بەرنامەکە.

## 2_تایبەتمەندییەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

هەر سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەیدا پێویستە چەند تایبەتمەندی هەبێت، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. کارلیکردنی لەگەڵ مامۆستایان بە شێوازێکی دیموکراسی بێت، بە ئامانج و هەوڵدان و گەشەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون.

٢. هاوکاربێت لە گەشەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایان لە پرۆسەی فێربووندا.

٣. گرنگی بدات بە سەرجەم هۆکار و ئەو دۆخانەی کار لە پرۆسەی فێربوون دەکەن، وەک پرۆگرام و هۆیەکانی فێرکردن، ڕێگایی وانەوتنەوە، شێوازەکانی تاقیکردنەوە، کێشەکانی فێرخوازان. (الخطیب و الخطیب،الفرح:٢٠٠٠)

٤. پێویستە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت بتوانێت کار لە مامۆستا و فێرخوازان بکات، توانای خۆی بەگەڕبخات بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

٥. سەرپەرشتیار جیاوازی تاکایەتی لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازان بکات لەکاتی بڕیاردان لەسەر پرۆسەکە. (eshraf.alafdal.net:2018)

٦. بەشداری لەچارەسەرکردنی کێشە پەروەردیی و کێشەکانی فێرکردن بکات.

٧. داهێنەر بێت، گرنگی بدات بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ مامۆستایان بەمەبەستی گەشەپێدانی لایەنەکانی پرۆسەی فێربوون. (مساد:٢٠٠٥، ٢٤)

## 3_جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەتایبەتی لە بواری سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی هاتەکایەوە، دەرئەنجام چەندین جۆر هاتنەکایەوە، لێرەدا هەندێک لە جۆرەکانی دەخەینەڕوو:

١. سەرپەرشتیاریی چاکسازی: گرنگی دەدات بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مامۆستایان کە لە ئەنجامی کەمی لیهاتوییان دروست دەبێت، کە سەرپەرشتیار هەڵەکان دیاری دەکات لە وانەوتنەوەدا. لە ناو پۆل و لە قوتابخانەکە ئاگاداری مامۆستا دەکاتەوە لە هەڵەکان. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤٠)

لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار متمانەیەک دروست دەکات، لە نێوان خۆی و مامۆستا تاکو تەواو کار بکاتە سەر مامۆستاکە لە بوونی هەڵەیەک ئەگەر هەبێت، چاکسازی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی کار لە چالاکی و تواناکانی تری مامۆستاکە نەکات. (البدری:٢٠٠١، ٣٣)

٢. سەرپەرشتیاریی چارەسەری: لەم جۆرە سەرپەرشتیار ئاگاداری ئەو کێشە و ئاستەمانە بێتەوە کە هاتۆتە بەردەم وانەوتنەوەی مامۆستا، کار لە ئەدای کارەکەی دەکات ، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەکە دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێگرییانە کە دێتە بەردەم مامۆستایان، هەروەها سەرپەرشتیار دەبێتە بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەکان. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤٠)

٣. سەرپەرشتیاری بونیادی: لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار کار دەکات بۆ کاراکردنی پرۆسەی فێربون، هاندان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، پەیدابوونی شارەزایی نوێ و تازەگەری لە پرۆسەکەدا، کە مامۆستا

خودی خۆی بەشدار دەبێت لە ڕاهێنانی زیاتر و نوێگەری زیاتر باشکردنی کارامەییەکانی ناو پرۆسەکە، دروست بوونی کێبڕکی لەنێوان مامۆستایان بۆ باشترکردنی پرۆسەکە. (الدویک:٢٠٠٧، ١٢٦)

مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کار دەکەن بۆ داهاتوو بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی پرۆسەکە، بە بەکارهێنانی شێوازی گونجاو چالاکی جۆراوجۆر بۆ باشترکردنی پرۆسەکە، هەڵبژاردنی تازەترین ڕێگای وانەوتنەوە، شارەزایی تازە. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١)

٤. سەرپەرشتیاریی داهێنەرانە: سەرپەرشتیاری داهێنەرانە کاردەکات لەسەر جوڵانی عەقڵ دەرخستنی توانایی داهێنەرانە لەلای وانەبێژان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی تواناکانیان و بەهرەکانیان لەکورتترین ماوەدا بۆ خزمەت کردنی ئامانجە پەروەردەییەکان. لەم جۆرەدا سەرپەرشتیار نەرمو نیانە لە بیرکردنەوەدا ، بڕوای تەواوی بە پیشەیی مامۆستاکە هەیە ، توانایی باشی هەیە و حەز بە پیشەکەی دەکات، تێڕوانینی باشی هەیە بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان و تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ بەدەست هێنانی (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١).

٥. سەرپەرشتیاری ئیرشادی: ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر لایەنی کەسێتی و دەروونی و عەقڵی مامۆستا لە پرۆسەی فێربووندا، پێویستە سەرپەرشتیار پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ مامۆستا بەمەبەستی تێگەیشت لە ڕەفتارەکان لەکاتی پرۆسەی فێربووندا، هەروەها ڕێنشاندەر و ڕێنمایی بدات لەسەر هەڵوێسەکانی فێربوون. (عبدالهادی:٢٠٠٢، ٤١)

## 4_گرنگی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون، لە ڕێڕەدا بەچەند خاڵێک دەخرێنەڕوو:

١. دامەزراوەیەکە بۆ خزمەت کردنی مامۆستایان و کۆمەڵگە و وەک خستنەڕووی بیردۆز و شێوازەکانی پەروەردەیی سەردەم بە گواستنەوەی ئەزموونی مامۆستایان و کۆمەڵگا.

٢. بەشدارە لە ئامادەکردنی سەرجەم ئەو بنەمایانەی  کە دەبنە هۆی بەرەوپێشبردنی سەرکەوتنی مامۆستا  لەخزمەت پرۆسەی فێرکردن. (وەزارەتی پەروەردە:٢٠٠٩، ٢٠).

٣. هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئاستی فێرخوازان، گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازن لە پرۆسەکە پێوانەکردنی بەپێی ئامانجە پەروەردەییەکان.

٤. یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و ئاستەنگەکانی کە دێنە بەردەم پرۆسەی فێربوون.

٥. ئاگادار بوون لە گونجاوی و ئاستی جێبەجێکردنی بابەتی خوێندن لە ناوخوێندنگاکان. (الزوري:٢٠١٠، ٣).

٦. ڕۆڵی هەیە لە پێشخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی خوێندنگاکان و کارئاسانی دەکات بۆ پرۆسەکە و هاندانی مامۆستایان لەسەرکرداری فێرکاری چالاک.

٧. گواستنەوەی شارەزاییەکانی مامۆستایان لەخوێندنگاکان و مامۆستایانی خاوەن ئەزموونی بەهێز بۆ ئەو مامۆستایان، لە پێناو پێشخستنی کارامەییەکانی مامۆستا. ( عبدالهادی:٢٠٠٢، ٥)

**دووەم/ پرۆسەی فێرکردن**

**1_ چەمکی فێرکردن**: پەروەردە پرۆسەیەکی دێرین و فرە ڕەهەندە، مێژووەکەی هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەکوندا، بەڵام لە شێوەی نافەرمی بووە، لە لایەن خێزانەوە ئاڕاستەکراوە بە شێوەیەکی سادە،

بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ مناڵ و نەوەکانیان کردووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی، ئامانج و ڕێگا و شێوازەکانی پەروەردە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. (حمەامین:٢٠١٤، ٨)

پەروەردە کاری گەشەپێدانی لایەنەکانی تاکە لەناو کۆمەڵگاکەیدا، بۆیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان سیستەمی پەروەدە دەبێتە خاڵی جەوهەری پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەیان، بەشدارە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگا، کرداری فێرکردن بەشێکی گرنگە لە کۆمەڵگا، ئامانجەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات لەناو خوێندنگاکان، کە خۆی بەسیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێت، کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان دەکات. لەئەنجامی ئەو کارلێکەی لەنێوان مامۆستا و خوێندکار و پرۆگرامەکاندا ڕوودەدات (محمد و محمد:١٩٩١لا١٤).

فێرکردن پشت بە خوێندکار و مامۆستا و چەند فاکتەرێکی تر دەبەستێت و بە هەموویان پرۆسەی فێربوون بەئەنجام دەگەیەنن، هەروەها ژینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی ڕۆشنبیری کاریگەیان هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون، فێربوون چالایەکی خودییە و خوێندکار بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست بێت لە ژینگەکەدا. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٦)

کرداری فێربوون، لەئیستادا پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان مامۆستا و فێرخواز بەپشتبەست بە بابەتی خوێندن وگفتوگۆ بەشداری لە ناوپۆلدا، کاتێک پرۆسەکە چالاک دەبێت کە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان ڕۆڵی مامۆستا و خوێندکاراندا لە پرۆسەکەدا، هەروەها بەشداری پێکردنی خوێندکاران بەسەرچاوەی زیاتر لە بابەتەکە و ئەنجامدانی چالاکی پەیوەست بەباتەکەوە. تاکو حەز وخۆشەویستی زیاتر بێت بۆ بابەتەکە.(نێت،٢٠١٨)

**سیتیفن کوری**: "دەڵێت کرداری فێربوون دوەستێتە سەر بونیاتی تاک تاچەند توانا و قابیلیەتی هەیە بۆ پرۆسەکە، هەروەها پرۆسەی فێربوون زیاتر کارا دەبێت، شێواز و هۆکاری فێربوون و لێهاتوەیەکانی وانەوتنەوە بەڕێوەبردنی ناوپۆل، سەرجەمیان کارادەکرێن لەپێناو گۆڕینی ڕەفتارێکی دیاریکراو. (محمد و محمد:١٩٩١، ١٥).

## 2_ بوارەکانی فێربوون

١. **وانەوتنەوە** : پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، واتە هەندێک ڕێگا و شێواز باشتر وخێراتر دەبنە هۆی فێربوون و فێرخواز زیاتر سودیان هەیە. ئەبێت لەگەڵ بابەتەکە بگونجێت لەگەڵ قۆناغەکەش. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ٢٠)

وانەوتنەوە بریتیە لە کارامەیی و لێهاتووی کە لە کاتی وانەوتنەوەدا مامۆستایانی وانەبێژدا دەردەکەوێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕێکوپێکی لەگەڵ خوێندکاران بە جۆرێک سەرنجیان ڕابکێشێت وانەوتنەوەش ڕێگاو شێوازی خوی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە وانەوتنەوە هونەر و بەهرەیە پەیوەندی بە ئەزموون و زانستی مامۆستاوە هەیە. (وەزارەتی پەروەردە:٢٠٠٥، ٥)

فێرکردن کارا نابێت تاکو پێشتر پلانی بۆ دانەنرابێت، بە ڕێگایەکی ڕێکخراو یەک لەدوای یەک. بۆیە وانەوتنەوە چالاکییەکی پێکەوە بەستراوە بەئامانجی وروژاندن و ئاسانکردنی ئەرکی فێربوون مامۆستا بەشێوەی مەبەستدار کاردەکات. (سوەیلی:٢٠١٧، ١١)

٢. هۆیەکانی فێرکردن: ناوی هۆیەکانی فێرکردن لە بەکارهێنەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە هەندێک بە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە ناودەبرێت، چونکە ئامانجیان ڕوونکردنەوەی زانیارییەکانە. هەندێکی تریش بە هۆکاری بیستن و بین ناوی دەبەن. دەبێت بەدانایی هەڵبژردرێن لەکاتی

فێرکردنـــی گونجـــاودا پیشـــکەش بکـــرێن کاربکـــات بـــۆ گەیانـــدی ئەو شـــارەزاییەی کە مامۆســـتا پێشکەشـــی دەکـــات، کە هۆکـــاری هەڵبژێـــردراو چارەســــــەری دەکـــــات بەمەش پەیـــــامەکەی زیـــــاتر کارادەبێـــــت. (عبدالقادر:٢٠١٥لا٩٧).

مامۆستا پێش ئەوەی بچێتە ناو پۆلەوە پێویستە بیر لە کەرەستەی گونجاو بکاتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی فێرکردنی پێ ڕوون بکاتەوە, هەروەها کاتێک دەیباتە ناو پۆل دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانی بێت ودەبێت سەرنجداربێت بۆخوێندکاران. دەبێت دوای بەکارهێنانیشی پرسیار دەربارەی ناوەڕۆکی کەرەسەتەکە بکات، دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە سوودی هەبووە بۆ خوێندکارەکان. (قەرەچەتانی:٢٠١٤، ٢٢٠)

٣. **ژینگەی ناو پۆل**: کۆمەڵێک چالاکی و جموجۆڵی بەوهۆیەوە مامۆستا دەخوازێت ژینگەیەکی وا لەپۆلدا بە دبیهێنێت کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئیجابی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاراندا بێتەدی بە ئامانجی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی چالاک. (سیوەیلی:٢٠١٧، ٨٨)

دەبێت خوێنـدکاران هەمیشـە هەسـت بە خۆشـی بـکەن وانەکانیـان و مامۆسـتاکانیان خـۆش بوێـت، کاتیـان پێبدرێت، پشـگیری بکـرێن، مـامەڵەی پەروەردییـان لەگەڵ بکرێـت، بەچـاوی ڕێـزەوە سـەریربکرێن، هەروەهـا دەبێـت هـان بـدرێن بـۆ بەشـداریکردن و ڕادەربـڕین و پرسـیارکردن و تێبینیدان. (خۆشناو محمد:٢٠١٠، ٩)

٤. **بابەتی خوێندن:** کۆمەڵێک شارەزایی پەروەردەییە کە خوێندنگا لە ناوخۆ و دەرەوەیدا بەشێوەیەکی مەبەستدار پێشکەشی فێرخوازی دەکات، بەمەبەستی بە دیهێنانی ئامانجە پەرەردەییەکان و گەشەی گشتگیر و ئەرێنی لای فێرخواز. (سیوەیلی:٢٠١٧، ٢١)

بەرنامە و بابەتی خوێندن یەکێکی ترە لە فاکتەرە گرنگەکان و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پرۆسەی فێربووندا بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و ئاستی فێرخواز دابنرێت، لەلایەکی تریشەوە حەز و ئارەزووی توانای فێرخواز لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت. (قەرەچەتانی:٢٠١٣، ١٤)

٥. **پێوانە و هەڵسەنگاندن**: هەڵسەنگاندن کۆمەڵێک چالاکی تایبەت دەکرێتەوە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان وشیکاریکردنی بڕیاردان لەسەریان. بریتییە لە دیاریکردنی بەهای شتەکان، چاودێریکردنی پرۆسەکە. (عسمان:٢٠٠٠، ٢٣)

هەڵسەنگاندن بەشێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات دادەنرێت بە یەکێک لە پایەکانی بابەتی خوێندن، هەر لەسەرەتای پرۆسەی پەروەردەوە تاگەیشتنە هەنگاوی کۆتایی و بەدیهێنانی ئامانجەکان، بەردەوام دەبێت و بەشدارییەکی کارادەکات لە کۆی گشتی پرۆسەی پەروەرە، بۆیە پەروەردکاران بەگرنگییەوە لێی دەڕوانن. (سیوەیلی:٢٠١٧، ١٧٢)

## 2_2 توێژینەوەکانی پێشوو

لەم تەوەرەدا چەند توژینەوەیەک دەخرێتەڕوو کە نزیکن لە تویژینەوەکە پاشان گفتوگۆکردنی توێژینەوەکان لەڕووی گۆڕاوەکان و ئەنجامەکان هەنگاوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم/ خستنەڕووی توێژینەوەکان

١. **توێژینەوەی اِبراهیم٢٠١٥**: ئەم توێژینەوەیە لە شاری بەغداد ئەنجام دراوە بە ئامانجی زانینی جۆرەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەسەر ئاڕاستەکانی مامۆستایان بە تێڕوانینی مامۆستایان. توێژەر پێوانەی ئاڕاستەکانی ئامادەکرد بە مەبەستی پێوانەکردنی

تایبەتمەندییەکە، بۆ جیاکردنەوەی ئەوەی کام جۆر لە سەرپەرشتیار کاریگەری هەیە و پەیوەندی جۆرەکان بە گۆڕدراوەکانی ڕەگەز و قوتابخانەکان. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جۆری دیکتاتۆری کاریگەری زیاترە لە جۆرەکانی تر. گۆڕاوەکانیش جیاوازییان نەبوو. تویژەر لە ئەنجامی تویژینەوەکە بەچەند ڕاسپاردەیەک و پێشنیارێک گەیشت. (ابراهیم:٢٠١٥، ٥)

**٢. تویژینەوەی الزاحمی ٢٠١٣:** تویژینەوەکە بە ناونیشانی ئاستی سوودمەندبوون سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەنامەی ماستەر و دکتۆرا، کە ئەنجام دراون لە بواری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. ئامانجەکانی تویژینەوەکە بریتییە لە زانینیی ئاستی سوودمەندبوون لە تویژینەوەکان، ئەو ڕێگرییانەی کە بوونەتە هۆی کەم سوود وەرگرتن لە تویژینەوەکان. کۆمەڵگای تویژینەوەکە، لە سەرجەم سەرپەرشتیارانی پەروەردە پێکهاتووە، لە ناوشاری مەکەی پیرۆز, بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٢_٢٠١٣. ئامارزەکانی تویژینەوەکە، لە ( ٤) ئامراز پێکهاتوون، بۆ پێوانەکردنی ئاستی سوود بینین لە تویژینەوەکان، ڕێگرییەکانی بەردەم سوود لێوەرنەگرتن، ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە هۆی سوود وەرگرتن لە تویژینەوەکان. ئامرازە ئامارییەکانی کە بەکارهاتووە تاقیکردنەوەی (ت)، شیکردنەوەی دووجایی، ڕێژەی سەدی. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی سوود وەرگرتن لاوازە لەو تویژینەوانەی کە ئەنجام دراوە تایبەت بەسەرپەشتیاری پەروەردە، هەروەها سەرپەرشیاران درک بە گرنگی تویژیەنەوەکان دەکەن، هەروەها چەندین ڕێگری و ئاستەم هەیە لەبەردەم سەرپەرشتیاران وەک، کەمی سەرچاوەی زانستی، کەمی بڵاوبوونەوەی تویژینەوەکان لەبڵاوکراوەکان، هەروەها کۆپی ئەو تویژینەوانە نابەن بۆ یەکەی سەرپەرشتیاریی بەمەبەستی سوودبینین.

**٣. تویژینەوەی البلوی،٢٠١١:** ناونیشانی تویژینەوەکە، ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە گەشەپێدانی مامۆستایان لەبواری پیشەیدا

لەناوچەی (تبوک) لە تێڕوانینی مامۆستایان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە (١١٦٧) مامۆستا پێکهاتووە. هەروەها نموونەی توێژینەوەکە (١٠٠)مامۆستا. بۆ بە دەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە فۆڕمێکی ڕاپرسی دروست کرا لە (٤٧) برگە پێکهاتبوو دابەشکرا بۆ ( پێنج) بوار لەوانە، پلان، کارامییەکانی وانەوتنەوە، ژینگەی پۆل، هەڵسەنگاندنی پرۆگرام. لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕۆلی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە ئاستێکی ناوەنددایە (٣,١٧)، هەروەها دەرکەوت بە بەڵگەی ئاماری جیاوازی نییە لە نێوان گۆڕاوەکاندا بۆ سەر ئەنجامەکان.

**٤. تـوێژینەوەی التروشـی ٢٠١٠:** ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە زانینـی ڕۆڵـــی سەرپەرشـــتیاریی پەرورەدەیـــیە لەســـەر پەرەســـەندنی ئەدی مامۆسـتایانی بـابەتە کۆمەڵایەتییەکـان لە بـواری هۆیەکـانی فێرکـردن، لە قۆنـاغی ناوەنـدی لە ڕوانـگەی مامۆسـتایان و سەرپەرشـتیاران لە شـاری مەکەی پیـــرۆز. کۆمەڵگـــای تـــوێژینەوەکە لە (٢٦٦) مامۆســـتای بـــابەتە کۆمەڵایەتییەکـان پێکهـاتووە، لەگەڵ (٢٠) سەرپەرشـتیار. تـوێژەر فـۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنا بۆ توێژینەوەکە لە (٥١ ) بڕگە پێکهاتووە، پاش ئەوەی ڕاستی و جێگیری بۆ پێوەرەکە دەرهـات بەڕێژەی (٠,٩٥). پاشـان توێژەر داتاکانی بە بەرنامەی (spss) شیکارکرد. پاشان گەیشتە چەند دەرئەنجام و پێشـنیارێک لە تـوێژینەوەکە دەرکەوت بە ئاسـتی ناوەنـد سەرپەرشـتیار ڕۆڵی هەیە لەسەر بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن. (التروشی:٢٠١٠)

**٥. تـــوێژینەوەی الـــدیراوی،٢٠٠٨:** ئامـــانجی تـــوێژینەوەکە زانینـــی ڕۆڵـــی سەرپەرشـــتیاری لەجـــۆری (چارەســـەرکاری) لە باشـــکردنی ئەدایـــی مامۆســـتایان لەخوێنـــدنگا حکومییەکـــان لەشـــاری فەڵەســـتین. لەســـەر گـــۆڕاوی کـــۆمەڵایەتی، نـــاوچەی فێرکـــردن، قۆنـــاغی خوێنـــدن. ژمـــارەی ســـامپڵی تـــوێژینەوەکە (٢٩٣) مامۆســـتایە بەڕێـــژەی( ١٩%) لە کۆمەڵگـــای ڕەســـەن. فـــۆڕمی ڕاپرســـی ئامـــادەکرا کەپێکهـــاتبوو لە (٥١) بـــڕگە، لە (٤)بـــواردا، بـــواری پـــلان، هەنگاوەکـــانی فێرکـــردن،

ژینگەی پۆل، هەڵسەنگاندن لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت، کە بواری کۆنترۆڵکردنی پۆل (%٦٣) لە پلەی یەکەم دایە لە لای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هەنگاوەکانی پرۆسەی فێربوون بەرێژەی (%٦٢) لە پلەی دووەم دایە، هەروەها هەڵسەنگاندن (%٦٠) لەپلەی سێهەم دایە، پلانی وانەوتنەوە لە پلەی کۆتاییدایە. کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیار کرا.

**دووەم/گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوتر**

١. ناونیشانی توێژینەوەکان سەرجەمیان باس لە سەرپەرشتیاریی پەروەردەی دەکەن نزیکن لە توێژینەوەکەی ئێستا، کە باس لە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دەکات لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەناوەندی سلێمانی.

٢. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە توانا فێرکارییەکانی مامۆستایان لە بوارەکانی (وانەوتنەوە، ژینگەی پۆل، بابەتی خوێندن، هەڵسەنگاندنی مامۆستایان)، لە توێژینەوەکانی تر ئامانجەکان نزیکن لە توێژینەوەی ئێستا وەک لە توێژینەوەی (ئیبراهیم) ئامانجی زانینیی جۆرەکانی سەرپەرشتیارە لەسەر ئاراستەکردنی پەروەردەیی مامۆستایان، بەڵام لە توێژینەوەی (الزاحمی) بە ئامانجی سودمەندبوونی سەرپەرشتیارنی پەروەردەییە لەو توێژینەوانەی دەکرێن لە بواری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. هەروەها لە توێژینەوەی (البلوی) ئامانجی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەرەپێدانی پیشەی مامۆستایان. بەڵام توێژینەوەی (ئەتروشی ) کە زۆر نزیکە لە توێژینەوەکە ئەویش ئامانجی زانینی ڕۆڵی سەرپەرشتیاریی پەرورەدەیی لە ئەدای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە وەک دەبینرێت ئامانجەکان لەیەکەوە نزیکن, سەرجەمیان چەخت لەسەر ڕۆڵی بوونی سەرپەرشتیار دەکەنەوە لە سەر مامۆستایان.

٣. شـوێنی ئەنجامـدانی توێژینەوەکـان جیـاوازن یەک تـوێژینەوە لە (عێـراق) ئەنجامــدراوە ئەوانەی تــر لە (فەلەســتین و ســعودییە) ئەنجامــدراون، هەرچەندە کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەریەکەیان لە شوێنی جیاواز ئەنجام دراوە, بەڵام تــوێژەر ســوودمەند بــووە پرۆگــرام ســتایل و وەرگرتنــی کۆمەڵگاو ڕێکارییەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە، لە توێژینەوەکانی پێشوو.

٤. توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشوو، سەرجەمیان پرۆگرامی وەسفیان بەکارهێناوە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان.

٥. هەروەها سەرجەم توێژینەوە باسکراوەکان، بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەکان، فۆڕمی ڕاپرسییان بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا، فۆڕمی ڕاپرسی دروست کراو بەکارهاتووە بۆ زانینی ڕۆلی سەرپەرشتیار، فۆڕمەکە دروستکراوە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوە توێژینەوکانی نزیک لە بابەتەکە لە( ٥) بوار و (٤٤) برگە پێکهاتووە.

٦. ئەم توێژینەوەیە بەنزیکەی هاوشێوەن لەگەڵ پێنج توێژینەوەکی پێشوو، لە ڕووی کەرەستە ئامارییەکان. بەڵام سەرجەمیان ناوەندی شیا و کێشی سەدییان بەکارهێناوە.

**بەشی سێهەم**

## ڕێکاریەکانی توژینەوەکە

### 3_1 پرۆگرامی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشتی کێشەی توێژینەوەکە و گەڕان و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر پرۆگرامی وەسفی بەکارهێنا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

**3_2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگا به یەکێک له کاره گرنگەکانی توێژینەوە، که پێکدێت لەسەرجەم لایەنە دیارەکانی ئەو توێژینەوەی که توێژەر پێهەڵدەستێت به لێکۆڵینەوەی. (ملحم،٢٠٠٥، ١٤٩) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەسەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگا بنەڕەتییەکانی حکومی، له پەروەردەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا له ناوەندی شاری سلێمانی که سەرجەمییان دەکاتە (١٢١٢) بەپێی ئاماری پەروەردەیی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧_ ٢٠١٨ هەروەک له خشتەی (٣_١) ڕوونکراوەتەوە.

(خشتەی ١_٣)

دابەشکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| کۆمەڵگای توێژەینەوەکە | ڕەگەز | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مامۆستایانی نێرلەپەروەردەی ڕۆژئاوا | ٢٦٠ | ٠,٢٢ |
| مامۆستایانی مێ  لەپەروەردەی ڕۆژئاوا | ٥٠٠ | ٠,٤١ |
| مامۆستایانی نێرلەپەروەردەی ڕۆژهەڵات | ١٢٢ | ٠,١٠ |
| مامۆستایانی مێ لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٣٣٠ | ٠,٢٧ |
| تێکڕای گشتی | ١٢١٢ | ١٠٠ |

**3_3 نموونەی توێژینەوەکە:**

به لەبەرچاوگرتنی تێکڕای ژمارەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان له خوێندنگا بنەڕەتییەکان، توێژەر هەوڵی داوە زۆرترین ژمارە وەربگرێت له کۆمەڵگای توێژینەوەکە به شێوەی مەبەستدار، هەرچی نموونەی توێژینەوەکە دەگاتە (٢٠٠) مامۆستا له ڕەگەزی نێر و

مــێ کە دەگــاتە ڕێــژەی (١٧% ) کۆمەڵگــای تــوێژینەوەکە، هەروەهــا دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپی گۆڕاوەکان بڕوانە خشتەی (٣-٣)

خشتەی (٣_٢)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕگەز، بڕوانامە، ساڵانی خزمەت

| گۆڕاوەکان | ئاستەکان | ژمارە و ڕێژەی سەدی مامۆستا | |
|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| ڕەگەز | نێر | ٧٢ | ٣٦% |
| | مێ | ١٢٨ | ٦٤% |
| | کۆی گشتی | ٢٠٠+ | 100% |
| بڕوانامە | دبلۆم | ١٥٧ | ٧٨% |
| | بەکالۆریۆس | ٢٢ | ١١% |
| | دیبلۆم + بەکالۆریۆس | ٢١ | ١١% |
| | کۆی گشتی | ٢٠٠ | 100% |
| ساڵانی خزمەت | لة 5ساڵ کەمتر | ٥١+ | ٢٦% |
| | ٥_١٠ساڵ | ٩٥ | ٤٧% |
| | لة ١٠ ساڵ زیاتر | ٥٤ | ٢٧% |
| | کۆی گشتی | ٢٠٠ | 100% |

### 4_3 ئامرازی توێژینەوەکە:

تــوێژەر پــاش گەڕان و خوێنــدنەوەی هەنــدێک لە ســەرچاوەی زانســتی و تــوێژینەوەی پێشــوو نزیــک لە بــابەتەکە فــۆڕمی ڕاپرســی داخــراو دروســت کــرا، لەوانە توێژینەوەکــانی (الکلبــانی ،٢٠١٦)، تــــوێژینەوەی (بکــــور،٢٠١٢) تــــوێژینەوەی الزاحمــــی،٢٠١١)، (احمــد،٢٠٠٣)، تــوێژینەوەی (لبــان،٢٠١٠)، پەرتــووکی (درویــش و علــی،٢٠٠٩) ، فــۆڕمی ڕاپرســی دوســت کــراو پێکهــاتووە لە (٥) بــواری تــایبەت بە پرۆســەی فێربــوون، لە (٤٤) بــڕگە پێکهــاتووە بــۆ هەر بــڕگەیەک پــلەیەک دانــرا بە پێــی پێــوەری (لــیگەرت) (نایــاب، زۆربــاش، بــاش، پەســەند، لاواز ) کە هاوشــانی ژمارەکــانی (١،٢،٣،٤،٥) لە خشتەی (٣-٣) بوار و ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە ڕووندەکاتەوە:

خشتەی (٣_٣)

بواراکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە بەپێی ژمارەی بڕگەکان

| ژمارە | ناویبوارەکە | بڕگەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | وانەوتنەوە | ١_٩ |
| دووەم | هۆیەکانی فێرکردن | ١_٧ |
| سێیەم | ژینگەی ناو پۆل | ١_١٣ |
| چوارەم | بابەتی خوێندن | ١_٨ |
| پێنجەم | هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ١_٧ |

توێژەربە مەبەستی زانینی ڕادەی شیاوی و زانستی بوونی پێوەرەکە ڕاستی و نەگۆڕی بۆ دەرهێنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

## 3_5 ڕاستی و دروستی (الصدق)

ڕاستی دادەنرێت بەمەرجێکی پێویست کە دەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەوکارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، (ابولبدە، ١٩٧٩: ٢٣٥) ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لەپێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین. (الروسان :٣١،١٩٩٩)

بۆ هێنانەدی ڕاستی ئامرازەکەش، توێژەر ئامرازەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و ڕێگای وانەوتنەوە، کە ژمارەیان (7)کەس بوو بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر ئەوەی تاچەند بڕگەکانی بەوردی داڕێژراون و ڕوونن و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوانیش بەکۆی دەنگی هەڵسەنگێنەران دوای گۆڕینی هەندێک وشە و چاککردنی هەندێک بڕگە لەڕووی زمانەوانییەوە بە ڕێژەی (٨٥%) بڕگەکانیان پەسەند کرد کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان ( ٧٥% ) یا زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لە لایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە (الزوبعی:١٩٨١، ٤٤).

## 3_6 نەگۆڕی (الثبات)Reliability:

یەکێک لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە "نەگۆڕی ئەوەیە کە هاوشێوەبوون هەبێت لە وەڵامەکاندا کاتێک دووبارە ئامرازەکە جێبەجێبکرێتەوە بەسەر هەمان کەسان و لەهەمان بارودۆخدا بەنزیکەی." (الداهری والکبیسی،٢٠٠٠، ٢٠٥)

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارە جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە (Test-Re-test )بەکارهێنراوە، بەم شێوەیە ئامرازەکە

جێبەجێکرا بەسەر نموونەیەکدا کە پێکهاتبوو لە (١٠) مامۆستا لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوون، جیاوازی کات لە نێوان جێبەجێکردنی یەکەمی ئامرازەکە و دووبارە جێبەجێکردنەوەی بۆ جاری دووەم (١٠)ڕۆژبوو، لەبەرئەوەی پێویستە ئەم ماوەیە لە (دوو یان سێ هەفتە) زیاتر نەبێت، بۆئەوەی کەسە بەشداربووەکانی هەندێک لە وەڵامەکانیان لە بیرنەچێت، هەروەها هەمان وەڵامبدەنەوە لە جێبەجێکردنی دووەمدا. (الزوبعی، ١٩٨١: ٢٤)

بۆژماردنی هاوکۆلکەی نەگۆڕ (معامل الثبات)ی ئامرازەکە، توێژەر (هاوکێشەی پێرسۆن ( Pearson Correlation Coefficient) )ی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی دادەنرێت بەبڵاوترین ئامرازێک لەم بوارەدا. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تێکڕای نمرەکانی جێبەجێکردنی یەکەم و نمرەی دووەمدا.

خشتەی (٣-٤)

نرخی جێگیری بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی بوارەکان ڕووندەکاتەوە:

| ناوی بوارەکان | نرخی جێگیری |
|---|---|
| وانەوتنەوە | ٠,٩١٥ |
| هۆیەکانی فێرکردن | ٠,٨٤٣ |
| ژینگەی ناو پۆل | ٠,٨٥٦ |
| بابەتی خوێندن | ٠,٧٣٢ |
| هەڵسەنگاندنی مامۆستا | ٠,٩٦٢ |
| نرخی گشتی جێگیری بۆئامڕازاکە | ٠,٨٦١ |

### 3_7 جێبه جێکردنی ئامرازەکە:

پاش دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، توێژەر فۆرمی ڕاپرسی دابەش کرد بەسەر مامۆستایانی بنەڕەتی لەخوێندنگا بنەڕەتییەکان لەناوەندی سلێمانی کە (٢٠٠) مامۆستابوو، لە مانگی (٤) بۆ کوتایی (٥) دواتر فۆرمەکان گەڕانەوە، ئینجا وەڵامەکان لە فۆرمێکی تایبەت بەوکارە خاڵیکرانەوە.

### 3_8 هاوکێشە ئامارییەکان:

ئەم ئامرازانەی ئامارکردن بەکارهێنراوە لەتوێژینەوەکەدا.

١. هاوکێشەی پێرسۆن (Pearson correlation coefficient) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی

$$\text{ڕ} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^{2} - (\text{مج س})^{2}]\,[\text{ن مج ص}^{2} - (\text{مج ص})^{2}]}}$$

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨)

**٢. ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):**

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە: (صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦)

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(ت١ \times ٣) + (ت٢ \times ٢) + (ت٣ \times ١)}{\text{مج ت}}$$

بۆ ژماردنی هێزی بڕگەکان، یەک نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی یەکەم (بەپلەی لاواز)، دوو نمرە بە ئەلتەرناتیڤی دووەم (بەپلەی ناوەند)، سێ نمرە بە ئەلتەرناتیڤی سێیەم (بەپلەی باش).

٣.کێشی سەدی: بۆ ڕاڤەکردنی ناوەندی شیاو و بڕگەکان.

٤.بەرنامەی (spss) بەکارهاتووە بۆ دەرهێنانی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان (ڕەگەز، تەمەن، خزمەت، بڕوانامە) لەسەر بۆچوونی مامۆستایان بۆ ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان.

**بەشی چوارەم**

**ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

## 1_4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە دەربارەی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەرەپێدانی توانا فێرکارییەکان لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەیاندا ئەم هەنگاوانەی پەیڕەوکردووە، بەم شێوەیە:

١. بۆ دەرهێنانی نرخی ناوەندی شیاوی بڕگەکان، توێژەر وەڵامە دووبارەکانی هەر بڕگەیەکیان لە بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسەکە، بەپێی

ڕەهەنـدە دانراوەکـان (نایـاب) (زۆر بـاش) (بـاش) (پەسـەند) (لاواز)، بـۆ ئەژمـارکردنی ئەم نرخـانەش (پێـنج) نمـرە دراوە بە ڕەهەنـدی یەکەم و (چوار) نمرە دراوە بە ڕەهەندی دووەم و (سێ) نمرە دراوە بە ڕەهەندی سـێیەم و (دوو) نمـرە دراوە بە ڕەهەنـدی چـوارەم و (یەک) نمـرە بە ڕەهەندی پێنجەم (1،2،٣،٤،٥) ناوەندی ژمێرەیی پێوەرە پێنج ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٣) کە پێوەرێکە.

٢. بـۆ جیـاکردنەوەی لایەنـی بەهێـز و لاوازی بڕگەکـان، هەر بـڕگەیەک ناوەنـدی شـیاوەکەی (٣) یـا بەرزتـر بـوو ئەوا واتـا لایەنـی بەهێـزی تەوەرەکـانی ئـامرازەکە دەنوێنێت، ئەگەر لە (٣) کەمتر بـوو، واتـا لایەنـی لاوازی ئاستی تەوەرەکان دەنوێنێت.

٣. توێژەر پێی باشبوو تەنها بڕگە لاوازەکان شیبکرێنەوە، هاوکات لەبەر زۆری گۆڕاوەکان و زۆری خشتەی ناوەندەکانی شیاو و کێشی سەدییەکانیان، زۆرینەی بڕگە لاوازەکان پێکەوە شیکراونەتەوە.

٤. توێژەر بۆشیکردنەوەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، خزمەت، بڕوانامە)، تیتێست و کای سکوێر، ئانۆفا. بەکارهاتووە بەبەرنامەی (spss).

## 4_2 شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئامانجی یەکەم

١. تەوەرەی یەکەم /ڕۆڵی لە پەرەپێدانی وانەوتنەوە

(خشتەی٤_١)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر پەرەپێدانی وانەوتنەوە ڕووندەکاتەوە:

| ژ | برگەکان | پلە | نایاب | زۆر باش | باش | پەسەند | لاواز | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕوونکردنەوەدەدات لەسەر شێوازەنوێیەکانی وانەوتنەوە | 6 | 7 | 13 | 25 | 65 | 90 | 2.92 | ٪58 |
| 2 | مامۆستایان ئاڕاستەدەکات بە وهەڵبژاردنی شێواز ڕێگای گونجاوبۆ وانەوتنەوە. | ٩ | 17 | 21 | 28 | 60 | 74 | 2.23 | ٪44 |
| 3 | گرنگی داتانی پلانی وانەوتنەوەلەلایەن مامۆستایان دەخاتە ڕوو. | ٧ | 40 | 32 | 29 | 30 | 69 | 2.72 | 54٪ |
| 4 | چەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی دەفتەر پلان. | 2 | 67 | 52 | 43 | 22 | 16 | 3.66 | 73٪ |
| 5 | هەڵسەنگاندن بۆئامانجەگشتی وتایبەتیەکان دەکات | 1 | 61 | 70 | 20 | 41 | 8 | 3.67 | 73٪ |
| 6 | یارمەتی مامۆستایان دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەکاتی وانەوتنەوەدا. | 3 | 53 | 45 | 63 | 18 | 21 | 3.45 | 69٪ |
